# که شۆسته حیکایەتەکانمان دەگێڕێتەوە

**(منداڵ هەمیشە دەتوانێ سێ شت فێری گەورەکان بکات: بێهۆکار خۆشحاڵبوون، هەمیشە سەرگەرمی بە کارێکەوە، بەوپەڕی تواناوە دەربڕینی خواستەکانی خۆی – پاولۆ کۆیلیۆ).**

**نوری بێخاڵی**

منالّی ئێمە هەموومان، چیرۆکی ئەو خەونە سەربڕاوانەیە کە لەگەڵ لەدایکبوونیاندا مەرگی گەڕان بەدوای نان و بژێوی لە ژیانی خستن .. حیکایەتی ئەو ئومێد و خۆزگانەیە، کە پایزە خەزانی شەڕ و بێ مەئوایی لە بەهاری تەمەنیدا چرۆکانی هەلوەراندن و ژاکاندنی .. چیرۆکی ئەو چاوەڕوانییە تاقەت پڕوکێنانەیە، کە بێهوودە بەدیار نوقلانە و جلی جەژن دەنوزاینەوە و ئێستایش دەممان شیرین نەبوو و تێنەگەیشتین بۆ ئەو لەحزانەمان دزران .. سەربوردەی ئەو چرکە ساتە تالانەیە کە تیایدا پێناسەیەکمان بۆ قۆناغەکانی تەمەن دەست نەکەوت و تا ئەمڕۆش بە هۆیانەوە، نازانین و ناتوانین چێژ لە وێستگەکانی تری تەمەن وەرگرین. ئێستاش ئەگەر وردتر سەرنج لە خۆمان و ناخمان بدەین، دەنگی ئەو منالە ترساو و برسی و پێخاوس و پەڕپووتە دەبیستین، کە دۆش داماوە و پڕە لە پرسیار و تورەیی و هانمان دەدات بێداربینەوە و خۆمان بدۆزینەوە.

منالّی ئێمە تویێشوێکی پڕ پرسیارە، کە تا ئێستاش وەلامەکانیانمان نەزانی و گرێکەیمان بۆ نەکرایەوە .. سەبەتەیەکی پڕ فەریکە سێو و هەلوژە و هەنجیری تەڕە، کە هێشتا هەر وەك خۆیانن و دەمێك بۆگەنی نەکردوون .. سیحرێکە نە پەیمان بە نهێنییەکانی برد و نە توانیمان بە هۆیەوە بالە فڕکێ بە ئاسمانی خەیالدا بکەین .. منالّی ئێمە جیاواز لە هەموو دونیا تەنها شتێکی فێرکردبین، ئاوڕدانەوەیە لە دوێنێیەکی دزراو و گەورەبوونێکی بێ مانا لە بەرگی پەپوولەییدا، ئەوە نییە هەر بە منالّی بالّق بووین و قژمان رووتایەوە و هەناسەکانمان سیس و دەستەکانمان زبر و رەق و چاوەکانمان کز و قاچەکانمان لەرزۆك بوون، هەر بەو تەمەنە نەوبەهارەیشەوە خێوی پایز هێور هێور لە گەلای درەختی خەونەکانمانی هەلوەراند و کۆلی خەمەکانی زستانمان هەلگرت و قرچەی گەرما و تینی خۆری هاوینیش جوانییەکانی هەلبزرکاندین .. ئەو وانانەی لەو قۆناغەدا فێری بووین و ئێستاش بەدەستییانەوە

دەناڵێنین، مەحرومی و بێنازی و دڵەڕاوکێ و ترسە .. زارۆکیمان ڕاکەراکەیەکی بەردەوامی دوای عارەبانەیەکی شڕ و شاگردییێکی ماندوو و نوزانەوەیەکی بەریئانەی بەردەم چایخانەکان بوو، تا بابایەك بە فیزەوە کەوشەکانی دانێتە سەر چۆکمان و بۆی جوان بکەین.

( **کاتێك بەرەو ئامانجێك دەکەویتەڕێ سەرنجدانی جادە زۆر گرنگە، جادە باشترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئامانجمان فێر دەکات و لە کاتی گوزەرکردن پیایدا سەرڕێژمان دەکات – پاولۆ کۆیلیۆ**) .. مرۆ نهێنی ژیان و ناکامییەکانی باشتر لە سووچی کۆڵان و پێچی شەقام و سەر شۆستەکاندا دەدۆزێتەوە .. ئەوێ ئاوێنەی ڕاستەقینەی نمایشکردنی ژیانی مرۆڤەکانە .. لەوێدا تێدەگەین و دەزانین، کە دونیای ئێمە چەندە ئاڵۆز و ژیانمان چەند لێوڕێژە لە بێئومێدی .. لەوێ نەك هەر ئێستای خۆمان و نەوەکانمان، بگرە سەربووردەی دوێنێی خۆشمان وەك گرتەیەکی سینەما بەبەرچاودا ڕەت دەبێ و خێرا یادەوەریمان دەمانباتەوە ئەو زەمەنەی ناوی منالییە و تابلۆی ئەو دیمەنانەمان دێنێتەوە بەرچاو کە پڕن لە خەونی کوژراو و حەزی ناکام و هەناسەی سارد، بۆیەشە گوزەرکردن بە شەقامدا بۆ خۆی جۆرێکی تری دۆزینەوەی شوناسە لە پێکهاتە کۆمەڵایەتی کولتورییەکەیدا، هەر لەم دیدگایەشەوەیە کە لەگەڵ سەرنجدانی هەر دیمەنێکی شەقام و شۆستەکان و ئەو ئاپۆرا و ئۆردووەی منالانی بێناز کەوتوو، کۆخەیاڵمان ناچارمان دەکات هەمیشە لەگەڵ دوێنێی لەدەست چوو بژین و هەر یەکێك لە ئێمە کە پیاسە بە شەقامەکاندا دەکات و سەرنجی ئەو شۆستانە بدات، کە پڕیەتی لە منالی دەستگێڕ و بۆیاخچی و کۆڵکێش و کاسب، بێ دەستی خۆی میلی بیرەوەری دەیباتەوە ئەو ڕۆژانەی، کە مانا و جوانییەکانی منالی تیادا لە دەستدا، ئاخر هەر لەو سووچی کۆڵانە تاریك و کەناری شۆستە تۆزاوی و شەقامە پڕ ژاوەژاوانەدا دەتوانین بەدوای مرۆڤبوونی دزراوی خۆماندا بگەڕێین، لەبەر پەڕی یادەوەری منالیماندا باخچە بۆ ئێمە تەنها گەوزینە لەناو خۆڵ و قوڕ و لیتە و بەس .. یاری بۆ ئێمە گەڕان بەدوای کۆنە شووشەی سەر زبڵخانەکان و بازدان بەسەر ئاگر و سوڕانەوەی بێ ماندووبوونی نێو کوچە و کۆڵانە بۆگەنەکان و شەڕفرۆشتنێکی بێ مانای بەردەوام بوو بە شووشەی پەنجەرە و تەنەکەی پەرژینی ماڵان .. خەون بۆ ئێمە تەنها گێڕانەوەی فەللاقەخانەی دار و ئاوازی جنێو و دۆزەخی داخکردنی پەنجە ناسکەکانمانە .. بێ حیکمەت نییە لە

منالییەوە بازمان بەسەر ئاگر دەدا، ئەوە نییە نەماندەزانی ژیانمان کوتلەیەك دەبێت لە ئاگر.

هەر لەو سەرنجە سەرەڕێی شەقام و شۆستەکانیشدا دەتوانین جارێکی تر بەدوای منالّی ناوەوەی خۆماندا بگەڕێین و بیهێنینە قسە و سەرلەنوێ پەیوەندی لەگەلّ ببەستینەوە، چونکە خودی ئەو منالّییە شاراوە و بێدەنگەی ناوەوەمان و بە قسەهێنانی جۆرێکە لە مانابەخشینەوە بە ژیان، پەیوەندی و بەردەوامی ئێمە بە ژیان و دۆزینەوەی شوناسێك بۆ خۆمان بێ چەند و چوون پەیوەستە بە سروشت و ئاستی پەیوەندیمان بەو منالّە سڕ و متبوو و تەزیوەی ناوەوەمان، ئێستا ئەگەر بوێری و توانای دواندنی ئەو منالّەی ناوەوەی خۆیشمان نەبێت و شەرم بکەین، ئەوا دەشێت بە راگوزەرێکی نێو شەقام و شۆستەکانی شارو شارۆچکە و کوچە و کۆلاّنی لادێکانمان ئەو راستییە درك پێبکەین و بزانین چ شتێك دونیای دوێنێی ئێمە و ئەمڕۆی منالاّنی ئەو سەرزەمینە خێر لەخۆنەدیوە لە یەکتری جیا دەکاتەوە، بێگومان هیچ، جگە لە وەهمێکی بەتالّ .. ئەوەی بەردەمتان گرتەیەکی بچووك و سادەی نێو ئەو هەموو دیمەنانەی ولاّتەکەمانە، کە باوەڕ ناکەم کەسێك نەبێت رۆژانە هەستیان پێ نەکات و نەیانبینێ و بۆ ساتێ ئازاری نەدات.

## دوکاندارەکان چاویان لە پارەی ئێمەشە

بە ترسەوە و وەك ئەوەی چاوەڕێی سزایەکی توندتر بکەن (دوکاندارەکان رۆژانە هەراسانمان دەکەن، نازانین بۆ وا دەکەن، پێدەچێ چاویان بڕیبێتە ئەو بڕە پارەیەی ئێمە)، ئەوە قسەی زۆرینەی ئەو منالاّنە بوو، کە سەختی باری گوزەران و بژێوی خێزانەکانیان و کەم دەرامەتی پەلکێشی نێو ئەو بازاڕە بێ بەزەییەی سۆرانی کردوون، تا بەدیار کارتۆنێ کلێنس و قەپانێکی بچووکی قۆپاو و مەنجەلّێکی رەشی پاقلە و لۆبیا و شڕە فلینێکی ساردەمەنی و تەختە و فلّچە و شووشەیەکی نیوە شکاوی بۆیاخ و چەند دانە سیدیەکی گۆرانی و فیلمی کارتۆن و پاکەتی جگەرە و سینییێك خەیار و تەرۆزی دابنیشن و ململانێ و شەڕ لەگەلّ تینی ئەو خۆرە تاقەت پڕوکێنەی مانگی تەباخ بکەن، هاوکاتیش هەر ئەو خەونی ژیانە ناچاری کردوون زۆرجار بەرگەی جوێن و قسەی ناشیرین و زللە و شەق و تێهەلّدانی هەندێ لەو دوکاندارانە بگرن، کە لەسەر دوکان و بازاڕگا و ئاپارتمانەکانیان نووسیوە (هذا من فضل ربي)، کە مەگەر هەر ئەو رەببە بزانێ ئەو فەزلەی چۆن داوەتە هەندێکیان!!

سەیرە زۆرێك لەو خاوەن دوكانانە بە بەرماڵی نێو دوكان و سەر شانەكانیان و ریزكردنی سوێند و ریزبەستن و پەلەكردنیان بۆ وتاری هەینی و نوێژی دوای مەلا وەك فریشتە خۆیانمان نیشان دەدەن و لە مامەڵەی كڕین و فرۆشتنیشدا هەر خوا دەزانێ لەچ هەنبانەیەكەوە ئەو نرخە خەیاڵیانەمان بۆ دەردەهێنن، كەچی ئەوەش بەڕەوا نازانن منداڵێك بۆخۆی و بە عەرەقەی نێو چەوانی كاربكات و قووتێكی سادە و ساكاری رۆژانە پەیدا بكات، وەك ئەوەی لە گیرفانی ئەوانی دەربهێنێ، یان كار لە هەڕمێن و رەواجی شتوومەكی ئەوان بكات و كڕیاریان كەم بكاتەوە.

## شارەوانی تەشقەڵەمان پێ دەفرۆشێ

پاك راگرتن و رێكخستنی بازاڕ كارێكی شارستانی و نیشانەی ئاستی بەرزی هوشیاری و گەشەكردنی كۆمەڵگا و هەستكردن بە بەرپرسیارێتی دەزگا پەیوەندداركانە، بەڵام بە مەرجێ ئەو پرۆسەیە لەسەر حسیابی هەندێكیان و بۆ قازانجی هەندێكی تر نەبێت، (چەندجار خەریك بووە قەپانەكەم بشكێنن)، (زۆرجار وابووە لەبەر پاڵەپەستۆی نێو بازاڕ و لە ترسی ئەوان شتومەكەكەم لەبەر پێیان پلیشاوەتەوە)، (هەندێ كارمەندی شارەوانی جنێوی ناشیرینمان پێ دەدەن و سوكایەتیمان پێ دەكەن)، (چەندجار شتیان لێ زەوت كردووین و بەدەست ماچكردن بۆیان گەڕاندووینەتەوە)، (زیاتر لە دوو سەد دانە سیدیم لە شارەوانییە و بۆیان نەگەڕاندوومەتەوە، هەموویشیان گۆرانی و فیلمی كارتۆنی منداڵانن)، (دەڵێن سیدی فرۆشتن بەم شێوەی ئێوە قەدەغەیە، بەخوا سیدی خەرابیشمان نییە، بۆ ناچن چاودێری دوكانەكانی سیدی فرۆشی بكەن و لێپێچینەوە لەوان بكەن)، (بەخوا بەچاوی خۆم دیتم، كارمەندەكان دوو سێ مەتر دوورتر لەسەر سیدییەكانی من دەمەقاڵەیان بوو، كە چەند بۆ ئەو و چەندیان بۆ ئەم بێت، تا بۆ منداڵەكانیان ببەنەوە)، (رۆژ هەبووە هەموو پارەی ئیشەكەم، بەشی ئەو پاكەت و جگەرانەی نەكردووە، كە لێیان تێهەڵداوم و كوتوونەتە ناو جۆگە و ئاوی پیسی ئاوەڕۆكان) .. ئەوەی پێشوو چەند گللەییەكی تری ئەو منداڵانە بوو، كە بەچاوی پڕ نزا و هەستكردن بە گوناه و بەزەیی پێدانەهاتنەوە و هەست بریندارکردن و زمانێكی سادەی منداڵانە دەریان دەبڕی، گوایە بەناوی چۆڵكردنی شۆستە بۆ پیادەڕۆ چاودێر و كارمەندانی شارەوانی بێزاریان دەكەن و دەست بەسەر كەلوپەل و شتومەكەكانیان دادەگرن و نایاندەنەوە .. كەچی هەمان ئەو رۆژە هەر بەردەم دوكان و بازاڕگا بوو زبڵ و

پیسایی و پاشماوە و کارتۆنی دوکانەکان لێرە و لەوێ سیمای شاری کردبووە گوفەك و زبڵخانە و کەسمان نەبینی بێت لەم سەرپێچی و دیاردە ناشارستانییانە بپرسێتەوە، کە رەنگە زۆربەی رۆژەکان ئەوە بەزمی بازاڕ بێت.

## ژیان لە کرێچێتی و بەر رەحمەتی خاوەن خانوودا

(ئێمە یانزە سەر خێزان لە خانوێکی کرێدا دەژین، کەتەنها ناوی خانووە، ئەگینا لە کەلاوەیەکی رووت بترازێ شتێکی دیکە نییە)، (خانووی ئێمە کرێیە و سەری قوڕە و لە گەڕەکێکین کەمترین خزمەتگوزاری تێدا نییە، کەچی خاوەن خانووش هەر مانگە و بە بیانوێك هەڕەشەی دەرکردنمان لێ دەکات ئەگەر پارەکەی بۆ زیاد نەکەین)، (ئێمە سێ خێزان بەیەکەوە لە خانووێك داین، باوکم نەماوە و ناچار بەحاڵ شوێنی خۆمان کردۆتەوە، ژوورێکی وامان نییە بەیانی شەرمەزاری میوانێکت نەکات).

سەیر لەوەدایە لەم مەملەکەتە بەلاّ لێدراوە، کە مافی ژیانێکی ساکاری مرۆییانەت پێ رەوا نابینرێ و خاوەنی بستێك زەوی نیت و ناچار هەر یەکێمان لەناو شاری خۆماندا قەرەجێکین و هەر وەرزە و هەوارمان لە گەڕەکێکدا هەڵدەدەین، بەلاّم لەوە سەیر و گاڵتەجاڕی تر ئەوەیە کە دەبێ بەرگەی هەموو سەختییەك بگریت و ئینتیمات هەبێت، خەڵکێك هەر لەو شارە بە خۆی و ژن و کوڕ و کچ و برازا و خوارزا و خوشکەزا و خەزووری لە زەوی وەرگرتن بەرخورد بووە، هەشیانە زیاتر لە جارێك وەریگرتووە، رەنگە تیایاندا هەبێت خانووی شەهیدان و کەلوپەلی خانووبەرە و یارمەتی و کۆمەکی رێکخراوەکانیشی وەرگرتبێت، بەلاّم چەندین ماڵە شەهید و خێزانی ئەنفالکراو و بێ سەرپەرشت و خەڵکی دەستکورت و هەژار دەبینی خاوەنی بستێك زەوی نین، تیایدا ئۆقرە بگرن، مەئوایەکیان نییە لەو گەرما و مەنجەنیقەی هاوینی دەشتە دیان و رەهێڵە و تۆفی زستان بیانپارێزێ، ناچار لە خانووی کرێدا و بەسەد مەمنوونییەوە دەگوزەرێنن و ئاییندەیەکیان بۆ رۆڵەکانیان پێ مسۆگەر ناکرێ، زۆر لەو منالاّنەی ئێمە بینیمانن و دواندمانن لەناو خێزانێکی هەشت تا پانزە کەسی ژیان دەکەن، جگە لەوەی کە زۆربەیان کرێچین و خانووی خۆیان نییە و هەر مانگە و وەرزە و ساڵێ لە کوچە و کۆلاّن و گەڕەکێکن و خاوەن خانووەکانیش لەو بازاڕی رەشەی بێ چاودێریدا بە کەیفی خۆیان کرێیان بەسەردا زیاد دەکەن، زۆرێك لەو منالاّنە باوك، یان دایکیان نەماوە، ئەوانەیش کە باوکیان ماوە توانای ماددی ئەوەیان نییە وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی بژێوی و

گوزەرانی خێزانەکانیان دابین بکەن، ئەوەی ڕۆژانە بە خۆیان و منداڵە دەستگێڕەکانیان پەیدای دەکەن بە ئەستەم بەشی پێداویستی ڕۆژانەیان دەکات.

## خەونەکانی خوێندن و خەمەکانی ژیان

هەندێکیان لەنێو ئەوانەی قسەمان لەگەڵدا کردن، قووتابین و هەندێکیان خوێندنیان جێهێشتووە و هەندێکی تر نەچوونەتە بەر خوێندن و حەرفێکیان بۆ ناخوێنرێتەوە و سەر و بنی زمانیان ژیانی سەختە، ئەوان بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە و بەوانەش کە وازیان هێناوە، یان بەردەوامن لە خوێندن، بە دیدێکی ڕەشبینەوە دەڕواننە ئێستا و سبەی خۆیان، پێیان وابوو تۆ چەندە زیرەك و لێهاتوو و خاوەن بڕوانامەی بەرز بیت، بەڵام کە فلسێکی سووتاوت لە گیرافاندا نەبوو، کەس مەرحەبات ناکات، بە قسەی خۆیان بەو بڕە پارەیەی ڕۆژانە پەیدای دەکەن بوونەتە خاوەن رای خۆیشیان لە ماڵەوە لەبەر ئەوەی هەر بەتەنها کەسێکی مشەخۆر نین، بەڵکو ئەندامێکی بەرهەمهێنی خێزانەکانیانن .. چش لەوەی زۆربەیان لە یەك کاتدا قوتابین و کاردەکەن و تێدەگەن ژیانی ئەوان وەك ژیانی منداڵە خواپێداوەکان نییە، تا هەر هیچ نەبێت چێژێك لە خوێندن و ژیانی قوتابخانە وەربگرن، ئەوا خەمی گەورەیان ئاییندەی ژیان و کەرامەتی خۆیان و خێزانەکانیانە لە سای ئەو گرانی و بەڕەڵڵایی و بێ چاودێری ناو بازاڕ، قات و قڕی نەوت و سووتەمەنی، کرێی خانوو، کە هەر یەکەو لە شوێنی خۆی بە جۆرێك بازرگانی بە ژیانی خەڵك دەکات.

(کاتێ باوکم بەو هیلاکییەوە دەبینم، هەست دەکەم ئەگەر کار نەکەم و یارمەتی نەدەم شەرمەزارم، بۆیە ئێستا من هەم قوتابیم و هەمیش ئیش دەکەم)، (هەتا تاقەتم هەبوو چوومە قوتابخانە و خوێندم، بەڵام کە نان نەما خوێندن تێری نەکردم)، (بە چ بچمە قوتابخانە؟ بە ساڵێ دوو پێڵاو و دوو دەستە جلی جوانم پێناکڕدرێ)، (نە چوومەتە قوتابخانە و نەدەچم، ڕۆژێك هەر دێت منیش بە زەبری پارە هەرچی بمەوێ بیکەم)، (دێیتە بازاڕ نرخی هەموو شت بۆتە ئاگر و هەر کەسە و بیانویەکی هەیە بۆ گرانفرۆشی)، (ئێستا هەموومان خۆشترین خەونمان، ئەو خەونانەن کە بە نەوت و غاز و بەنزین و کارەبای فول دەیانبینین، ئەوانەش یان قاتن، یان نرخیان فڕیووە).

ئای کە ستەمێکی گەورە و بێدادییەکی کوشندەیە لەگەڵ ئەو هەموو ماندوو بوون و عەرەق ڕشتن و هیلاکییەتەوە لە نیشتمانی خۆت بستێ زەوی شك نەبەیت و ئاسۆیەك بۆ

دواڕۆژی منداڵەکانت نەبینی و ژیانێکی مرۆییانە نەژیت و ناچار بیت، لەگەڵ (غولامی)دا، هەمیشە لە کونجێکی تاریکی دوور لە ئاوەدانی و ویژدانی نووستوی کۆمەڵگا و دەسەڵات، بە تەنیایی و چاو لە ئەستێرەکان و بە دڵێکی پڕ لە حەسرەتەوە، ئەو گۆرانییە بچڕیت و بڵێیت:

من ئەو کەسەم هەموو رۆژێ ئەژی و ناژی

ژیانی ئەمڕۆم دەفرۆشم بۆ کڕینی نانی سبەی

لێم ناکڕێ خاوەنی نان، لێم ناکڕێ

هانایەکم هێناوەتە بین و گەروم

هەی داد هەی بێداد

لەو بازاڕە بێڕەحمەدا ژیان هەرزانترە لە نان

هەر سووچێکی سۆران بگەڕێیت، ژمارەیەك سیمای منداڵی ماندوو و هیلاك و شەکەت دەبینیت، کە جەوری زەمانە و بێدادی و نایەکسانی ناچار بە عەرەق رشتنی بەر قرچەی گەرمای هاوینی کردوون، ئەویش تەنها لە پێناو گوزەرانێکی مەمرە و مەژی، هەمیشە لە نێو سەختی ئەو ژیانە و بێبەش بوونی منداڵەکان لە سۆز و خۆشەویستی و ئارامی ئاییندەیەکی ترسناك چاوەڕێی کۆمەڵگا دەکات لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتیدا، چونکە لەو هەلومەرجە سەختەی ژیاندا، منداڵ بە تەنها منداڵێتی و جوانییەکانی لە دەست نادات، بەڵکو زۆرجاریش لە سای ئەو کارەدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری ژینگە و پەروەردە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆز و گوماناوییەکانی نێو بازاڕ و رەنگە تووشی گرفتگەلێکی زۆر ببێەوە، کە ئەستەمە بەم چەشنە چاوەڕێی کۆمەڵگایەکی تەندروست و بەرهەمهێن بکرێت. بۆیە ئەگەر بڕیارە کۆمەڵگا لە ئاستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەیدا بەرەو ئاقارێکی ئارام و پێشکەوتوو ببەین، دەبێ لەسەر ئاستی دەسەڵات و کۆمەڵگا پڕۆژە و ئەجێندای نوێ و شارستانی و پێشکەوتووترمان هەبێت، ئەگینا دواجار دەکەوینە خوارەوە، کەوتنە خوارەوەش هەر یەکە و پێویست بە هەڵسانەوە دەکات وهەمان ئازار و زیانی هەیە، یان "پاولۆ کۆیلیۆ" گوتەنی: (کەوتنە خوارەوە لە نهۆمی سێهەمەوە هێندەی کەوتنەخوارەوە لە نهۆمی سەدەهەمەوە زیانبەخشە، گەر بڕیارە بکەوینە خوارەوە، با لە بڵندترین شوێن بکەوینە خوارەوە).